حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٨٨) لە ٢٠٢٢/١٢/٧

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٨) لە ٢٠٢٢/١٢/٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی لیژنەیەکی وەزاریی قانونی لە ناو ئەنجومەنی وەزیران لەم بەڕێزانەی خوارەوە بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، ئامادەسازیی پێویست بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی مینهاجی وەزاریی کە تایبەتن بە گەڵاڵەکردنی چەند پرۆژە یاسایەک کە لە میحوەری تەشریعیی مینهاجی وەزاریدا ئاماژەیان پێدراوە (وێنەیەکی هاوپێچە)، لەوانە پرۆژە یاساکانی (ئەنجومەنی فیدراڵیی، دادگای باڵای فیدراڵیی، نەوت و گاز) و هاوئاهەنگیی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت بۆ ئەم مەبەستە و بەڵگەنامە و زانیاریی پێویستیان لەگەڵ هاوبەش بکرێت لە پێناوی چەسپاندن و بەرجەستەکردنی ماف و دەسەڵات و شایستەکانی هەرێمی کوردستان وەک ئەرکێکی نیشتیمانیی هەمووان:

أ. بەڕێز فەرسەت ئەحمەد، وەزیری داد.

ب. بەڕێز د. ڤالا فەرید، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

ج. بەڕێز د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

د. بەڕێز د. ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

هـ. بەڕێز د. عبدالحکیم خەسرۆ، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران.

٢. زیادکرنی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لیژنەی لاوەکیی هاوبەشی هەردوو حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم تایبەت بە (دەروازە سنوورییەکان).

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**